كەركووك كوردن، چ جای دەوروبەرەكەی كە ٨٥٪ی كوردن. وێڕای ئەوەش سەرژمێرییەكانی ١٩٣٤ و ١٩٤٧ كە خودی حكومەتی عێراق ئەنجامیداون، كوردایەتیی سەنتەری كەركووك دەردەخەن.

لە كۆتایی ئەم دەستپێكەدا دەڵێم: "هەرچی بۆ كەركووك بكرێ، هێشتا كەمە!"

**شایەتییەكانم**

١- لە گۆڕستانی كورد و تركمان و كلدانی بترازێ، گۆڕستانی عەرەب لە كەركووكدا نەبووە. ئەمەیش بەڵگەی نەبوونی عەرەبە لەوێ. گۆڕستانە بڵند و شكۆدارەكەی (ئیمام محەمەد) و (شێخ محیدین) و (شێخ ساڵح) و (قرخلەر) و گۆڕستانی پشت تەكیەی گەورە، سەر بە كورد بوون. تركمان گۆڕستانی "موسەللا"ی هەبوو. كلدانەكانی "قەلا"ش مردوویان لە كڵێسەی سووری سەرڕێگەی كەركووك - سلێمانی دەشاردەوە.

٢- لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا بەشداریم كرد، دۆستی كوردپەروەر و شەهیدم (عەبدولڕەحمان نفووسی) كە بەڕێوەبەری نفووسی شار بوو، لەلام گوتی: "لە ٥١٪ی نێو شاری كەركووك كورد دەرچوون.

٣- كە ڕێگەدرا بە خوێندنی كوردی و پاشان تركمانی، لیژنەیەك لە ئەكرەم ئەرسەلان و مستەفا نەریمان پێكهات بۆ ژمارەكردنی ئەوانەی دەیانەوێ بە چ زمانێك بخوێنن! سەرەڕای ڕێگرتن و كۆسپنانەوەی تركمانەكان، لەكۆی پتر لە ٥٠٠ قوتابخانەی پارێزگە، تەنیا ١٣٦ قوتابخانەیان بۆ دەستنیشانكرا، ئەویش بۆ نێوەندی شار و توز و كفری و داقوق و پردێ و بەشیر و قەرەتەپە بوو. (بڕوانە نووسینی "نەسرەت مەردان" لە هەفتەنامەی "المؤتمر" ژمارە ٣٢٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی).

٤- لە ساڵانی ١٩٤٤ - ١٩٦٦ دوورخراوەی "الحويجة" بووم لە گوندی "العبيدية". لەوێدا لە «مزهر العاصي ابو جمال»م ژنەوت كە ئەوان و جبوورەكان بە ڕەزامەندیی شێخ مەحموودی حەفید لەو دەشتاییەدا جێنشینكرابوون.

٥- بەڕێوەبەرەكەمان "عبدالله العبيدي" كە لە شێخەكان بوو، بەرلەوەی بكرێتە مامۆستا، لەلای مامۆستاكانی كوردستان خوێندبووی. بە كوردی گوتی: «لاو بووم كە چەكمان لەدژی هۆزی ئەلعەززە هەڵگرت، پاش كۆتایی ئەو شەڕە ئێمەیان لێرەكانە نیشتەجێ كرد و ئەم قوتابخانەیە لەساڵی ١٩٤٢ وە هەیە».

٦- هەر ئەو بەڕێوەبەرە، زۆر كتێبی كوردیی قوتابخانەكەی نیشاندام، لەوانە مێژووی ئەدەبی كوردی - نەمر عەلادینی سەجادی و هی دیكە. هەروەها هێژا ڕەفیق حیلمی، لەژێر ناوی (مفتش عموم كردستان)، ئیمزای كردبوو. ئەمە بەڵگەیەكی ڕوونە كە سنووری كوردستان گەیشتووەتە (الفتحە)ی ڕووباری دیجلە.

٧- پاش دەركردنی كوردەكانی ئەوێ، هێشتا ناوە كوردییەكانی ماون، وەكو لەیادم بێت "زەردە" و "قریە الاكراد" و هی دی.

٨- بۆ دارشتنی ئەو هێڵكارییە ساناكە، حكومەتی پاشایەتیی چەندین جۆگەی بچووكی لە پرۆژەی ئاودێریی "حەویجە" وە دابڕی بۆ بەراوكردنی سەرتاسەری ئەو چۆڵەقرخەیە. لە تەمەنداری ئەوێم بیست كە ئەو جۆگە و جۆبارانە، بە باسك و پیلی بەندییەكانی كەركووك هەڵكەندرابوون. بێگومان زۆرینەیان كوردبوونە. ئەوەی یاخی ببوایە، بەرەورووی فەلاقە و توخان هەڵكێشان دەبوو، یان دەبووە ژەمی كەڵبەی گورگ و كەمتیار. بەخۆم شوێنەواری ئەو بەندییانەم دیت.

٩- لە كودەتای شوباتی ١٩٦٣ دا، "احنه العرب اهل غيره - منخلي الاكراد بهالديره" كوردییەكەی: (ئێمەی عارەبی بەغیرەت، كورد لەم دەڤەرە ناهێڵین)، دروشمی بەعسییەكان بوو، بۆ هاندانی هێرشكردنەسەر كوردی حەویجە، بەلام "شێخ ناظم العاصي"ی دۆستی كورد، دلێرانە بەهانای كوردەوە هات و، لە نێرەندی بازاڕی حەویجەدا شمشێری هەڵكێشا و گوتی: «ئەم كوردانەی ئێرە خاوەنی ڕاستینەی ئەم زەوی و زارەن، ئێمە غەوارەین و میوانی ئەوانین!».

١٠- لەنیوەی ساڵەكانی پەنجاكاندا، لە گوندی "هەفتەغار" بووم، كە پیاوێكی ریشچەرموو گوتی: "لێرەوە توتنم باردەكرد بۆ دەوڵەتناوا، لەوێوەش حەلانەی خورمان دەهێنا. مامۆستا گشت خانەخوێیەكانم كورد بوون".

**دیارە مەبەستی لە دەوڵەتئاوا، (دڵئاوە)، یان (خالص)ی ئێستا بوو. هەر بۆخۆشم لەو دەوڵەتئاوایە، پرتەقاڵ و خورمام لە كوردی ڕەسەنی ئەوێ كڕیوە. دیارە، دەوڵەتئاوا و شارەبان و بەعقوبە، دەكەونە دەرەوەی چیای حەمرین، ئەمەش بەڵگەیە كە نێوچەی كوردەواریی ئەوسا نێزیكی بەغدا بووە و لەوێوە شۆڕبووەوە بۆ بەدرە و جەسان هەتا لێواری عەممارە و لۆڕستان، كەچی مخابن، هەردێ**

«بۆ لاپەرە ٣٣»